# بوودجەی هەرێمی کوردستان ، داهاتی حیزبەکان و چۆنییەتی هەزینە کردنیان

خلیل غزلی
khalil.ghazali@gmail.com



حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئیستا بۆ کوردان(دیارە ئەم وشەیە ئەوانە ناگرێتەوە کە گرفتیان رزگاریی کوردستان لە ستەمی داگیرکاریی و چەوسانەوە نییە) وەک کیانێکی کوردی چاوی لێدەکرێ و هەرکەس و لایەن بەپێی تێگەیشتنی خۆی و ئاستی دڵسۆزیی هەڵوێست لە بەرابەر کردەوەکانیدا دەگرێت. بۆیە رەخنەگرتن لەم حکوومەتە نابێ وەک ئەوەی کەسانێکی تێنەگەیشتوو باسی دەکەن بەمانای دژایەتی کردن، بەڵکوو بۆ چاککردن و بەسەردەم کردنی ئەو دەسەڵاتەیە و پێشگرتن بە گەندەڵی و دارمان لە ناوەوە.

یەکێک لەو بوارانەی کە بەباوەڕی من جێگەی قسە و باسە و دەبێ بە بابەتی کارناسانە و رەخنە و لێکۆڵینەوە قسەی لەسەر بکرێت و باسکردنی بچێتە نێو جەماوەرەوە ،مەسەلەی بووجەی ساڵانەی حکوومەتی هەرێمە. چوونکە وەک هەموان دەزانن پارە و پووڵ و سەروەت و دارایی زیاتر لە هەمووچت و تەنانەت زیاتر لە دەسەڵاتیش گەندەڵی و دارمان لە مرۆڤ دا پێک دێنن. بۆیە گەر دەسەڵاتیک لە سەر بنەمای دێموکراتیک و بەشداریی خەڵک پیك نەیەت، تەناتەت گەر لە هیزێکی رزگاریخوازیەوە بە دەسەڵات گەیشتبێ، پاش ماوەیەک دەبێتە دەسەڵاتێکی تاپۆگەر و جەماعەتێک دەبنە خاوەنی سەروەت و سامانی وڵات و کۆمەڵانی خەلکیش تا دێت هەژارتر دەبن و دەسەڵاتیش ناچار بۆ پێشگرتن بە نارەزایەتیی خەڵک دەبێ پەنا بۆ سەرکوت و ترس و خۆف بەری. کە ئەنجامی دەبێتە ئەوە کە نەتەوەیەک خەبات و تێکۆشانی بەفیرۆ بچی و ئەگەر جاران داگیرکاری و سەتەمی نەتەوایەتی هاندەرێک بۆ خەبات دژی سەتەمکاران و چەوسێنەران بوو، ئیستا ئیتر ئەو هەست و ئەنگیزەتەش نامێنی . بۆیە رۆشنبیران و ناوەندە مەدەنییەکان دەبێ ئاوێنەی باڵانوێنی دەسەڵاتی کوردی بن وهەم خەڵک و هەم دەسەڵات لە کەموکووری و هەڵەکانی ئاگادار بکەنەوە.کە بووجەی حکوومەتی هەرێم یەکێک لەو بوارانەیە کە جێگەی باس و رەخنەیە. من هەوڵ دەدەم لەم بابەتەدا بەکورتی لەسەری باسبکەم.

لە هەر دەوڵەت و دەسەڵاتێکی ئیمرۆژەدا، چۆنییەتی هەڵسوکەوت لەگەڵ بووجەی ساڵانە بە یەکێک لە پێوەرەکانی هەڵسەنگاندنی ئەو دەسەڵاتە دەژمێردرێت. ئاشکرایە هەرچی دەسەڵات رووی لە خەڵک و هەڵبژێراوی خەڵک بێت و لەسەر ئەو پەیمانەی بە خەڵکی داوە راوەستابێ، هەڵسوکەوتی لەگەڵ بووجەی ساڵانە، شەفاف تر و دابەشینەوەی بەپێی ئەولەویەتەکانی کۆمەڵگە گونجاوترە. بەپێچەوانە ئەو دەسەڵاتانەی کە بەسەر خەڵکدا سەپاون(جا هەر ناوێک لە سەرخۆیان دابنێن فەرق ناکات) هەلسوکەوتیان لەگەڵ بووجەش وەک دەسەڵاتەکەیان"ئیرشادی" و بەگوێرەی پێوەندیی نێوان ئاغا و رەعیەتە. واتا بەپێی

ئەولەویەتەکانی خۆیان بووجە دابەش دەکەن. دیارە ئەولەویەتەکانیش بۆ دەسەڵاتێکی نادێموکرات و خۆسیپێن ، هیچ نییە مەگەر پەرەدان بە ناوەندەکانی ڕاگری دەسەڵات، کە ئەویش زیندان و هێزی چەکدار و ناوەندەجاسووسی و ئەمنیەتییەکانن.ئەڵبەت هەموو ئەمانە جیا لە بەشی دزی و دابەشینەوەی دارایی خەڵک لە نێوان خۆیان واتا خاوەن دەسەڵاتەکاندا.

بەداخەوە حکوومەتی هەریم لە بواری دارشتنی بەرنامەی ساڵانەی بووجەی هەرێمدا هیچ شەفافییەتێکی نییە. تاچەند ساڵ پێش سەرەڕای بوونی دوو حکوومەت( لە سلێمانی و هەولێر) بە هەموو وەزیر و گزیرەکانیانەوە، بووجەی وڵات لە ئیختیاری 2 حیزبی سەرەکی دابوو و ئەوانیش هەر بە سیاق و شێوەی سەردەمی شاخ، هەڵسوکەوتیان لەگەڵ دەکرد کە بەزۆری لەباتی ئەوەی سەرفی کۆمەڵگە و وڵاتی بکەن ،لەڕێگەی لاوازکردنی لایەنی بەرابەردا هەزینەیان دەکرد.

ئەگەر ئەوە قەبوول بکەین کە هۆکاری ئەو رەفتارە ،بوونی شەڕی ناوخۆ و کەڵتووری شاخ بووە، خۆ ئەوا چەند ساڵە شەڕی نێوخۆ نەماوە و یەکێتی و پارتی خاوەن پەیمانی هاوبەشی ستراتێژیکین، ئەی بوو ئیستەش بووجەی وڵات هیچی سامانێکی نییە و دیار نییە و کەس نازانێ ئەم حکوومەت و دەوڵەتە چی هەیە و چی وەردەگرێت و بە گشتی داهاتی چەندە و خەرجی چندە.

ئەوە دوو سێ ساڵە(بەختەوەرانە)،باسی بووجەی حکوومەت دەچیتە پارڵێمانەوە و پارلێمانتاران لەسەری دەکۆڵنەوە و گۆیا پاش قسە و باس و لێکۆڵێنەوە، پێشنیارەکانی دەوڵەت لە سەر بووجەی ساڵ پەسند دەکەن. بۆیە دەڵێم گۆیا، چوونکە ئیمە هیچکات شاهێدی ئەوە نەبووین کە قسەوباسەکانی پارلێمان لەسەر بووجە لە کاناڵەکانی ڕاگەیەنەری(نووسینی، بیستنی و دیتنی) فەرمی و نافەرمیی‌یەوە ئاگادار بین. رەخنەی منیش هەر لەسەر ئەو نادیاری و نا شەفاف بوونەیە.

لەکاتکدا پارلێمان لەسەر زۆر کێشە و مەسەلە کۆبوونەوەی کراوە رێکدەخات و لە کاناڵەکانەوە (هێندێک جار ڕاستەوخۆ) بڵاویان دەکاتەوە، بەداخەوە کاتێک باس لە سەر بووجە دێتە گۆر، دەبێ لە پشت دەرکە داخراوەکانەوە باس و قسەی لەسەر بکەن.

پرسیار ئەویە ئایا باسی بووجەی وڵات پێوەندی بە ئەمنیەتی نیشتمانی‌یەوە هەیە؟ ئایاباسی بووجە دەچێە بواری سیخوریی و جاسووسی‌یەوە کە نابێ "دوژمنان" ئاگایان لێبێ؟ بێگومان وەڵام نایە و بە نهێنی باسی بووجەکردن هیچ پاساوێکی نییە مەگەر شاردنوەی لە کۆمەڵانی خەڵک.

لە وڵاتانی رۆژئاوا بەتایبەت چەند وڵاتی ئورووپای رۆژئاوا کە دێموکراسیی پارلێمانی بۆ دەیان ساڵە جێگیر بووە و سەقامگیریی سیاسی و ئابووری جێکەتووە و ناوەندە مەدەنییەکان ئەمنیەتیان پارێزراوە، هەڵسوکەوت لە گەڵ بووجەی ساڵانەی هەرکام لەو وڵاتانە دەتوانێ نموونەیەکی باش بێ لە شەفاف بوون و پەرش و بڵاو نەبوونەوە. لەو وڵاتانە هەموو(دووپاتی دەکەمەوە هەموو)کۆبوونەوەکانی پارلێمان کراوەن .مەگەر ئەوەی لەسەر کیشەیەکی تایبەت کۆبوونەوەی تایبەت پێک بێنن کە ئەویش بە شێوەی شەفاف ڕاپۆرتەکەی پێشکەش بە ڕای گشتی دەکەنەوە.بەڵام بەداخەوە ئیمە هیچ لەو باسانە لە حکوومەتی هەرێم دا نابینین. بۆیە جێگەی خۆیە پرسیار بکرێت کە: بۆ حکوومەتی هەرێم دەبێ لە زۆربارەوە ئاشکرا و شەفاف هەڵسو کەوت بکات بەڵام لەسەر بووجە یا هەر باسی نەکات یا پارلێمان شاراوە لەسەری قسەبکات.

بەداخەوە ئێستەش قسە ئەوەیە کە دەوڵەت خاوەن ئیختیاری داهاتی کوردستان(باشوور) نیە و هێشتا دارایی کوردستان لەدەستی حیزبەکاندایە و ئەوانن کەلەسەر ئەو داهاتە بڕیار دەدەن. بێگومان تا ئێمە هەنگاو بۆ مەدەنی کردنی حکوومەتەکەمان هەڵنەگرین و ئەو حکوومەتە بەڕاستی نەکەینە حکوومەتی خەڵک، باسی حکوومەتی کوردی و دەسەڵاتی کورد کردن تەنیا دڵ خۆشکردنە. چوونکە حکوومەتێکی ئەوتۆ لە بەرابەر تاڵ و سوێریەکاندا بەزەحمەت بتوانێ خۆی بگرێت. تەنیا حکوومەتێک دەتوانێ سەربەرز لە ئەزموونەکانی مێژوو بۆ پێشەوە بڕاوت کە هەڵقلاوی ڕاستەقینەی جەماوەر و خواست و ئاواتەکانی ئەوان بێت. حکوومەتێکی ئەوتۆ هەموو چتی لەبۆ خەڵک و هیچی شاراوە لە خەڵک نییە. بەڵام بەداخەوە حیزبەکان هێشتا ئەو دەرەتانە نادەن کە دەوڵەتی کوردی ببێتە نوێنگەی دەسەڵاتی خەڵک و لە ئیرادە و خواستی خۆیاندا هێشتوویانەتەوە. بەشێوەیەک کە لە باشووری کوردستان بە هێنانە گۆڕی هێندێک جێگە و پلە و پایە بۆ داڵدەدانی کەسانی تایبەت و ناونووس کردنی بێجێگە و ناڕەوای خەڵکانێکی زۆر لە لیستەی بنەماڵەی شەهیدان، و زیندانیانی سیاسی و پێشمەرگەی دێرین و زۆر چتی لەو بانەبەتە کە هەر حیزبە و بۆ کۆکردنەوەی خەڵکانێک لە دەوری خۆی بۆ هەرکامەیان مانگانە بڕاوەتەوە.

بەم شێوە، ژمارێکی زۆر لە خەڵکیان کردووەتە نانخۆر و چاو لە دەستی خۆیان لە گەمەکانی سیاسیدا کەڵکیان لێوەر دەگرن. لەکاتێکدا هەر بەو پارەیە سەرفی ئەو کارانە دەکرێ، دەکرا دەیان و سەدان ناوەندی بەرهەمێنان و پیشەیی دامەرزێنن ، کە وێڕای لەکارگرتنی ژمارەیەک زۆر خەڵکی وڵات، پێش بەو دیاردە ناپەسەندەی ڕێزەوڵ خۆرییەی دەسەڵات بگرن.

ڕەنگە جێگەی خۆی بێ هەر لێرەدا باسەکە هێندێک چکۆلە بکەمەوە و بیهێنمە ئاستی هێزە سیاسی‌یەکانیش. چوونکە ئێمە وەک گەلێکی پارچە پارچەکراو، لە خەباتی چەند لایەنەداین بۆ گەیشتن بە داخوازەکانمان. یەکێک لە بوارانەی خەبات بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانمان (ئاکتیڤ یا پاسیڤ) شەڕی چەکداری و بوونی چەندین هێزی سیاسیی چەکدارە. بێگومان ئەو هێزانەش خاوەن هیراشی و بێروکراسی و چوارچێوەیەکن، جا ئەو چوارچێوە جێ پەسەندی ئێمە بن یا نەبن گرینگ نییە، بەڵام هەرچوونێک بێ ئەوانیش خاوەن بووجەیەکن و دەبێ پلانێکیان بۆی هەبێت. بە باوەڕی من دابەشینەوە و چۆنیەتی خەرجکردنی بووجە لەم کەیسەشدا(هێزە سیاسی‌یەکان) دەبێ بەشێوەیەکی موشارکەتی و دێموکراسی بێت. نەک وەک ئەوەی کە هەیە، پەردەیەکی ڕەش و تاریکی بەسەردا کێشرابێت . واتا بووجەی هێزە سیاسی‌یەکانیش دەبێ لەژێر چاودێری و کونترۆڵی هەموو ڕێکخراوەکەدا(لە ڕێگەی ئۆرگانە هەڵبژێردراوەکانەوە) بێت، نەک لە تاپۆی کەس یا کەسانێکدا و ئەوانیش بۆ ڕاگرتنی دەسەڵاتی خۆیان یا کوتان و دەرپەڕاندنی جیابیرانی خۆیان بەکاری بێنن.

بەداخەوە ئێمە تائێستا زۆر جار شاهێدی ئەوە بوین کە لەسەر نا شەفافی و ناڕوونی داهات و چۆنییەتی بەڕیوەبردنی بەشی دارایی حیزبەکان ، ناکۆکی و شەڕ و تەنانەت جیایی هاتووەتە ئاراوە. بێگومان چارەسەر کردنی ئەو کێشەیە بەیەکێک لە بوارەکانی چاکسازیی دەژمێردرێت. چوونکە بەو ساختار و قەوارەی کە ئێستا حیزبە کوردییەکان (لە هەموو پارچەکاندا) هەیانە، بواری ماڵی و داراییش وەک ساختارە گشتی‌یەکەیان،نەخۆش و ناکارامەیە و، زۆر بەداخەوە کەڵکی ناسالمی لێوەردەگیرێت. داهاتی حیزبێکی سیاسی ( لە

هەر سەرچاوەیەکەوەبێت) دەبێ شەفاف و ئاشکرا هەموو ئەندامان و تەنانەت کۆمەڵانی خەڵکیش بیزانن. چوونکە ئەگەر سەرچاوەی داهاتەکە شوێنێکە کە رەوایە لێی یارمەتی وەربگیرێت، ئیتر شاردنەوەی ناوێت. بەڵام گەر داهات لە شوێنێکەوەبێت کە ئێمە شەرم بکەین ئاشکرای بکەین، ئیتر ئێمە حیزبی سیاسی نین، ئەو شێوە کارە بەداخەوە زۆتر دەچێتە بواری کردارێکی مافیایی تا حیزبایەتییەوە. جیالەوەش کاتێک دارایی حیزبێک ناشەفاف بێت و لە ئیختیاری کەس یا چەند کەسی "خۆمانی" دا بێت، بەپێی ئەزموون، کەڵکی شەخسی و سیاسیی لێوەر دەگیرێت و بە زۆری بۆ کۆتلەبازی و دژی جیابیران کەڵکی لێوەر دەگیرێت. بۆیە بەشی دارایی حیزبێکی سیاسی دەبێ هەڵبژێراوی کونگری ئەو حیزبە بێت و بەشێوەی روون و شەفاف ڕاپۆرتی داهات و هەزینە کانی ئەو حیزبە لانی کەم پێشکەش بە بەدەنەی حیزبەکەی خۆی بکات.

سەرماوەزی 2707